# پانۆراماکانی 2005

## سەرژمێری لە عێراقدا

**مستەفا گەرمیانی**

**ئاشکرایە ئەو هەڵبژاردنەی لە عێراقدا دەکرێ، کە زیاتر لە سەرژمێری دەچێ! تا هەڵبژاردن ،سەرکەتنی لە قازانجی عارەبی شیعە و دواخستنی لە قازانجی کوردە !چونکە هەر نەبێ کورد کات دەباتەوە بۆ زیاتر یەکخستنەوەی ئیدارەکانی خۆی ودیاریکردنی چارەنووسی شارە تازە ئازادکراوەکانی کوردستان وچوونەپێشەوەی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و...تاد جگە لەمانە کورد خۆی دووردەخاتەوە لە کێشەکانی پاش هەڵبژاردن، کێشەکانی، وەکوو قەبووڵنەکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ودروستکردنەوەی عێراقێکی نا ئارەزوومەندانە و شەڕی گەورەی نیوخۆیی عێراقی بە ناو هیواو ئاشتی!! ...تاد**
**بە گوێرەی ووتاری پێتەر گالبرێت کە دۆستێکی دێرینەی کوردە لە ڕۆژنامەی لوس ئەنجلس دا دەڵێ:(کوردەکان پشتیوانی لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا دەکەن، بەڵام بۆ هەڵبژاردن دواخستنیان پێ باشترە * ئەی نازانم بۆچی هەندێ لە سەرکردەکانی کورد لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە کورد هان دەدەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا ؟! خوا بکا ئەمیشیان**

تاكتیک بێت! نەک لە پێناوی بە دەستهێنانی پۆستی سەرۆک کۆماری یان سەرەک وەزیرانی عێراقدا! هەرچەندە پێم وایە کە سەروک کۆمار لە ئێستاوە دانراوە و وابزانم ناویشی عەبدولعەزیز حاکیم -ە !

لە ڕاستیدا کورد بە دواخستنی هەڵبژاردنەکان-نەک ڕەتکردنەوەی- دەتوانێ گۆڵێکی مێژوویی لە شیعەکان بکات! ولەوانەشە شیعەکان ، لە ئێمەی کورد جەسوورتر بن وزووتر بڕیاری خۆیان بدەن ودەوڵەتی ئایینی خۆیان لەشار و زەلکاوەکانی باشوور ڕابگەیێنن !

## کورد لە سەر دەریای ڕەش-ە !

نەوت لە جیهاندا بە زێڕی ڕەش ناسراوە،کورد 70 ساڵ زیاترە ئەم زێڕە ڕەشەی لێ تاڵان دەکرێ وتا ئێستا کورد سوودی لەم دەریا زێڕە ڕەشەی خۆی نەبینیووە !بۆیە پێی وایە کە لە سەر دەریا نییە!ئەمڕۆ و لەمەودوا پێویستە کورد سوود لەم دەریایەی خۆی وەرگرێ بۆ نەوەکانی داهاتووی ، پێویستە لە گەڵ هاوپیمانان‌دا بکەوێتە دان و ستاندنەوە،بۆ ئەوەی بە ڕاستی ببێتە هاوپەیمان و ئەمەریکاش حیسابی بۆ بکات،کورد دەبێ دان و ستاندن دەست پێ بکات، نەک بەردەوام بێ لە دان و نە ستاندن ! ئەگەر بیریی نەتەوەیی و جەسارەتی وەرگرتنەوەی ناسنامە و کەسایەتیمان هەبێ، ئەمڕۆ نەوتی کوردستان بۆشیعەکانی عێراق لە سەر سفرەی دیمۆکراسی!! ناکەینە خێری حەسەن و

حوسێن ! بەڵكوو دەیكەینە سامانی نەتەوەیی كوردستان.ئەسا ئەمەریكا و جیهانیش حیسابمان بۆ دەكەن !!

## هەڵ بژاردن یان ڕیفراندۆم؟

هەردووكیان !! لای من پرسیارەكە ئەوەیە كامیان تاكتیك كامیان ستراتیژیك-مان بێ،بە بڕوای من دەسەڵاتی سیاسی كورد لەم قۆناغە چارەنووس ساز و مێژووییەدا ڕیفراندۆم بكاتە ستراتیژیكی خۆی و هەڵبژاردن بە بیانووی جیاجیاوە دوابخات! پێچەوانەی ئەمە ، هەڵەیەكی مێژوویی ترە كە نەوەكانی داهاتوومان باجەكەی دەدات...خۆ ئەگەر هەڵبژاردن لە لایەن ئەمەریكاوە فەرزبكرێت،هیوادارم گەلی كورد ئەم زوڵمە مێژووییە ڕەتبكاتەوە و100%ی
كوردان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا لە ماڵەكانی خۆیاندا بمێننەوە،قابیلە مارینزی ئەمەریكی تاك بە تاكی كورد بە زۆر بەرێتە سەر سندوقی دەنگدان !! یان پاش هەڵبژاردن جۆرج بووش بڵێ ڕێژەی كورد لە عێراقدا 0%ە....!!!

**مادام ئێمە ڕۆڵەی ئەم ووڵاتەین مەترسی لە سەر كوردستان نیە،ئازاكانی كوردستان !**

ماوەیەكە لە كەناڵە ئاسمانییەكانی كورد وكوردستانەوە ..ڕێكلامێكی زۆری چەواشەكار بڵاودەكرێتەوە،كە یەكێكیان

بەم شێوەیە(مادام ئێمە کوڕی ئەم وولاتەین، مەترسی لە سەر عێراق نییە، ئازاکانی عێراق !) ئەم ڕێکلامە لە چەند ڕوویەکەوە جێگەی سەرنج و ڕەخنەیە..

1.عێراق تەنیا کوڕی تیایە، نەک کچ و کوڕ !!

2.کورد دوای 84 ساڵ مێژووی خوێناوی، نەبووە عێراقی، ئێستاش وا بە ئاسانی بە ڕێکلام ناکرێتە عێراقی!

3.ئەو ڕێکلامە دەبوایە، عەرەبەکانی عێراق بیکەن.

4.ئەو ڕێکلامە لە گەڵ دروشمی پارتە کوردستانییەکاندا، یەک ناگرێتەوە !بە دروشمەکانی یەکێتی و پارتی –شەوە !

5.ڕێکلام پێویستە بۆ هەڵبژاردن بکرێت، نەک بۆ بە عێراقیکردنی هاوولاتییانی کوردستان....تاد

## پاش دوو ساڵ دوو ڕییانی چارەنووس ..کاتی بڕیاردان..هاتووە

هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراقەوە، دەسەلاتی کوردی کەوتە نێوان دوو فشارەوە، فشارێکی ئەمەریکایی ومانەوە لە گەڵ عێراقدا وسەرەنجام بوونەوە بە کەمایەتی ناو عێراق !هەروەها فشارێکی ڕای گشتی کوردی کە زیاتر لە دوو ملیۆن ئیمزای کۆکردەوە بۆ ڕیفراندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی خەلکی کوردستان بە سەرکردایەتی وجەماوەریشەوە..

دەسەلاتی کوردی لەم دوو ڕییانەدا هەردوو ڕێگەکەی گرتەبەر!!بە هەرحاڵ ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان بە خێرایی

چوون وئێستا کار گەیشتووەتە هەڵبژاردن لە عێراق و ڕیفراندۆم لە کوردستاندا.لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا عارەبی عێراق دوای 1400 ساڵ کێشەی ئیسلامەتی و خەلافەت لە شەڕە شمشێرەوە تا بەکارهێنانی بۆمبی کیمیاوی لە کوردستاندا ...تاد، توانای دیمۆکراتیزەبوونی هەیە؟ئایا عارەبی عێراق دان بە فیدرالیزمی جوگرافی کوردستاندا دەنێت؟ئایا عارەبی شیعەی 12 ئیمامی دەیان ساڵ چەوساوەی ژێر دەسەڵاتی سوننە!!دەتوانێ دان بە فیدراڵیەتی کوردستان و دیمۆکراسیەتی عێراقدا بنێ ؟ئایا کورد لە سایەی ڕژێمی داهاتووی عێراقدا ،دەتوانێ مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی دابین بکات؟ یان دەبێ ئەمڕۆ و لەم هەلە مێژووییەدا کە بەشێکی بە ڕەنج وخەباتی 84 ساڵەی کورد خۆی هاتووەتە ئاراوە،بڕیاری مێژوویی خۆی بدات؟ شیکردنەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە،ئاو زۆر دەکێشێ !بەڵام لای هەمووان وەڵامەکانی ئاشکران..!کەواتە کورد لە ساڵی مێژوویی2005-دا بەرەو کوێ بڕوا؟لە ڕاستیدا کورد چونکە بە درێژایی مێژوو،ناسنامە وکەسایەتی داگیرکراوە، لە باری سایکۆلۆژییەوە کێشەی بڕیاردانی هەیە،ئەمە جگە لەوەی خودی بڕیاردان کێشەیەکی سایکۆلۆژی مرۆڤە بە گشتی ! تەنانەت مرۆڤ بۆ هەڵبژاردنی کۆلێژێکی زانکۆ یان هاوسەری ژیان ! دوو دڵ دەبێ، نەخوازەڵا لە وەرچەرخانێکی مێژووییدا بڕیاردان لە سەر دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەک ! من لەم بارەوە لە دوو دڵی و ڕاڕایی دەسەڵاتی سیاسی کوردی تێ دەگەم! بەڵام لە سەدەی بیستەمدا

دەیان نەتەوەی گەورە و بچووک لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا وتیایدا سەرکەتن!کەچی وا دەسەڵاتی کوردی لە سەدەی بیست ویەکەمدا لەم هەلە مێژووییەدا ودوای زیاتر لە دوو ملیۆن ئیمزای پشتیوانی..دەڵێ ناچارین لەگەڵ عێراقدا بمێنینەوە!!چونکە جیۆپۆلێتیکی کوردستان شاخاوییە و لە کەناری دەریا نییە !! لە ماڵەوە کە تەماشایەکی نەخشەی گۆی زەویم کرد، بینیم ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی کە لە کەناری دەریا نین، زیاترن لەوانەی کە لە کەناری دەریا-ن دڵنیاشم لەم ساڵە چارەنووس ساز و مێژووییەدا کورد ئەگەر سەرکردەیەکی مێژوویی وەکوو قازی محەممەد یان مەلا مستەفای بارزانی هەبێ وبە پێی خۆی بچێتە سەر قەڵای کەرکووک یان قەڵای هەولێر یان قەڵا چوالان ..و ئیمزای زیاتر لە دوو ملیۆن هاووڵاتی کورد +وێنەکەی عومەری خاوەر ! بۆ هەموو خەڵکی جیهان بەرز بکاتەوە، ئەوا لە ساڵی2005-دا ناوی ئەو قەڵایە دەبێتەقەڵای ئازادی و ناوی ئەو سەرکردەیەش دەچێتە مێژووی نەوەکانی داهاتووی کوردستانەوە! **خۆدەکرێ دوو سەرکردە پێکەوە** بچنە سەر ئەو قەڵایە، لای من گرنگ ئەوە نیە کێ ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ناوی قەڵاکە ببێتە **قەڵای ئازادی**..